https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.29

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداودا

م. ی. ڕەنجدەر ڕزگار عبدالرحمن

زانکۆی پۆلیتەکنیکیی هەولێر، کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی-بەشی تەکنیکی میدیا

ranjdarrzgar6@gmail.com

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو، ئامرازی سەرەکی پێکهاتووە لە فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، کۆمەڵگەکەشی سەرجەم ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانەی لەلایەن کەناڵەکە بەرهەمهێنراون یاخود پەخشکراون، گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژینەوەکە ئێیگەیشتووە لە فیلمی دۆکیۆمێنتاریی ڕووداو زیاتر زمانی کوردی بەکارهاتووە، شیکردنەوە بۆ شێوازی بەرهەمهێنان دەکرێت.

لە گرنگترین ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە، بۆ بەرهەمهێنان فیلمی دۆکیۆمێنتاری کادری پسپۆڕی فیلم بێنەپێشەوە، ساڵانە فیلمی زیاتر بەرهەمبهێنرێت، گرنگیی زیاتر بە پرسە نەتەوەییەکان بدرێت، هەروەها هەنگاوبنرێت لە سەر کارکردنی بە شێوەی سەردەمیانە، کار لەسەر بەرهەمە خۆماڵییەکان بکرێت.

وشە کلیلییەکان: تایبەتمەندی، فیلمی دۆکیۆمێنتاری، کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو

## تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداودا

## پێشەکی

فیلمی دۆکیۆمێنتاری بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو دادەنرێت، زۆربەی کەناڵەکان گرنگی پێدەدەن وەک ڕێگایەک بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاگەیاندن بە جەماوەرە، دۆکیۆمێنتاری لە تەلەفزیۆن بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت، دەچنە چوارچێوەی بەرنامە بە هەموو جۆرەکانیەوە (سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و هونەری ... هیتر)، لەکاتی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی لە تەلەفزیۆنەکاندا ڕووبەرێکی بەرفراوانی بۆ دانراوە، هەر فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بە ناوەڕۆکێکی جیاواز و قاڵبێکی دیاریکراوی خۆیدا پێشکەشدەکرێت.

فیلمی دۆکیۆمێنتاری یەکێکە لە جۆرەکانی بەرنامە، کە بەشێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان پشکی شێریان پێداوە و ڕووبەرێکی فراوانیان بۆ تەرخانکردووە لەناو لیستی بەرنامەکانیاندا بە شێوەیەک، کە گرنگی و پێویستیی ئەم جۆرە بەرنامەیە وایکردووە هەندێک لە کەناڵەکان تایبەتمەندبوون لە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری، هەستکراوە بەم بەهاو گرنگییەی ئەم جۆرە بەرنامەیە، پاڵنەرێکی سەرەکی بووە بۆ ئەوەی بکرێت بە بابەتی توێژینەوە، بە شێوەیەکی زانستییانە لێیبکۆڵدرێتەوە.

بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کەناڵی ئاسمانی (ڕووداو) وەک نموونە، ئامانج لە توێژینەوەکە، ناساندنی بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری و جۆرەکانی و ناوەرۆک و شێوەکانی و چۆنیەتیی ئامادەکردنی فیلم لە کەناڵەکەدا.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و ڕاسپاردە پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی توێژینەوەکە، توێژەر هەڵساوە بە خستنەڕووی کێشەی توێژینەوە، سامپڵی توێژینەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکەش چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت، کە بریتییە لە پێناسە و جۆرەکانی و قۆناغەکان و ئامادەکارییەکان و چەمکی فیلمی دۆکیۆمێنتاری، مێژووی فیلمی دۆکیۆمێنتاری، تێگەیشتن لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری... هیتر، بەشی سێیەم و کۆتاییش پێکهاتووە لە دوو باس یەکەم تایبەتە بە دامەزراندن و گەشەسەندنی کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو، دووەمیشیان لایەنی شیکارییە، شیکردنەوە بۆ هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری کراوە لە ڕێگەی فۆڕمی شیکردنەوە.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

ئایا هەوڵدراوە فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەکاربهێنرێت بۆ دەرخستنی دۆکیۆمێنت یان بەرجەستەکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە؟

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو ناڕوونییەی لە تایبەتمەندی و ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ڕووداو هەن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی نەهێشتنی ئەم ناڕوونییە دەدات لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەشێک لەو فیلمانەی لەو کەناڵە بەرهەمهاتوون و پەخشکراون.

### دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە

توێژەر کۆمەڵێک پرسیار دەکات بۆ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا وەڵامبدرێنەوە، پرسیارەکان ئەمانەن:

١- تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو چین؟

٢- زمانە بەکارهاتووەکان لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو چین؟

٣- ناوەڕۆکی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو چی لەخۆدەگرێت؟

٤- بابەتەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەم کەناڵە چین؟

٥- ئایا فیلمە دیکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ڕووداو زیاتر بەرهەمی خۆماڵین یان بیانی؟

٦ – جۆری ئەو میوزیکەی بەکارهاتووە لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو چییە؟

**سێیەم: گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگیی ئەم توێژینەوە لە چەند خاڵێک دەردەکەوێت، کە ئەمانەن:

**چوارەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

توێژەر چەند ئامانجێکی هەیە لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە کە ئەمانەن:

١- دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو

٢- زانینی زمانە بەکارهاتووەکان لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو

٣- دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو

٤- دەرخستنی بابەتەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەم کەناڵە

٥- دیاریکردنی شوێنی بەرهەمهێنانی فیلمە دیکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی ڕووداو

٦ – دیاریکردنی جۆری ئەو میوزیکەی بەکارهاتووە لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو.

**پێنجەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە هەموو تاکەکان یان کەسەکان یان شتەکان کە بابەتی کێشەی توێژینەوە پێکدەهێنن، کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانەی لە کەناڵی ڕووداو بەرهەمهێنراون یان دۆبلاژکراون و لە کەناڵەکە پەخشکراون.

**شەشەم: سامپڵی توێژینەوەکە**

سامپڵی ئەم توێژینەوە پێکهاتووە لە هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری، کە لە کەناڵی ڕووداو وەرگیراون، وەکو سامپڵی توێژینەوە کە بە ڕێگایەکی زانستی، ڕەچاوی ئەم جۆرە ناساندنەی سامپڵی توێژینەوە کراوە، بە شێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراون، کە شەش لەم فیلمانە ٢٤ خولەکین، دوو لەم فیلمانەش ٤٨ خولەکین ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر ٩:٥ خولەکی شەو پەخشکراون لە ساڵی ٢٠١٤. بڕوانە خشتەی (١)

خشتەی (١)

ناونیشانەکانی سمپڵی توێژنەوەی هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتار

| ناونیشانی فیلمی دیکۆمێنتاری | کاتی پەخشکردن | ماوەی فیلمە دۆکیۆمێنتاری |
| --- | --- | --- |
| کۆماری کوردستان | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |
| با ئاو لیخن نەکەین | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |
| پیرەمەگرون | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |
| ئەحمەد کایا | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٤٨:٠٠ خولەک |
| چاوەڕواتی | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٤٨:٠٠ خولەک |
| عەودال EVdal | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |
| کوردانی گورجستان | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |
| کوشتارگە | ٢١:٥ خولەکی شەو | ٢٤:٠٠ خولەک |

**حەوتەم: جۆری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان، توێژینەوەی وەسفیش بریتییە "لەو توێژینەوەیەی کە ئامانجی ئاشکراکردنی واقع و وەسفکردنیەتی بە وردی و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بە دیاریکردنێکی چۆنایەتی و چەندایەتیانە، هەڵدەستێت بە ئاشکراکردنی حاڵەتی پێشووی دیاردەکە و چۆنیەتیی گەیشتنی بەو وێنەیەی ئێستای و هەوڵدان بۆ پێشبینیکردنی ئەوەی لە داهاتوو چی

لێدێت، گرنگیدەدات بە ڕابردووی دیاردەکە و ئێستا و داهاتووش (مروان: ٢٠١١، ١١).

**هەشتەم: جۆری ڕێبازی توێژینەوەکە**

١ ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک "ڕێبازێکە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یان ئەو ڕێبازەیە کە لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەکات لە ڕێگەی شیکردنەوەی بڕی و جۆری، ئەم ڕێبازەش بەهۆی بەکارهێنانی شیکردنەوەی ناورۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و وتارە سیاسییەکان و پڕوپاگەندەکان گەشەیسەند. (عەبدولخالق:٢٠٠٩، ١٥)

**نۆیەم: یەکە و توێژەکانی شیکردنەوەکە:**

توێژەر فۆرمێکی شیکردنەوەی ناوەرۆکی دانا بە مەبەستی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری، ئەم یەکە و توێژانە دەگرێتەخۆ:

**یەکەی شیکردنەوەی توێژینەوەکە:**

یەکەی شیکردنەوەی ناوەرۆک لەم توێژینەوەیە بریتییە لە فیلم کە لێرە تەنها فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەرگیراوە.

**توێژەکانی شیکردنەوە:**

توێژەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە:

١ – زمان: یەکێکە لە توێژەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک کە توێژەر بەکاریهێناوە بۆ زانینی زمانی بەکارهێنراوی هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاریی ئەم کەناڵە.

٢- ناوەڕۆکی بەرنامە: یەکێکە لە دەستەی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و توێژەر بەکاریهێناوە بۆ زانینی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان.

٣- سەرچاوەی زانیارییەکان: یەکێکە لە چینەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان کە توێژەر ئەمەی بەکاریهێناوە بۆ زانینی سەرچاوەی زانیارییەکانی هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری.

٤- بەرهەم: یەکێکە لە چینەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان کە توێژەر بەکاریهێناوە بۆ زانینی بەرهەمهێنانی ئەم هەشت فیلمە دۆکیۆمێنتارییە.

٥- بابەت: یەکێکە لە چینەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان کە توێژەر بەکاریهێناوە بۆ زانینی جۆری بابەتەکانی ئەم هەشت فیلمە دۆکیۆمێنتارییە.

٦- میوزیک: یەکێکە لە چینەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان کە توێژەر بەکاریهێناوە بۆ زانینی میوزیکی بابەتەکانی ئەم هەشت فیلمە دۆکیۆمێنتارییە.

## بەشی دووەم: چەمک و تایبەتمەندیی فیلمی دۆکیۆمێنتاری

### چەمکی فیلم

فیلم وشەیەکە بە شێوەیەکی گشتی وێنەی جووڵاوەکان لەخودەگرێت بنەمای ئەو ناوە لەوە هاتووە، کە فیلمی وێنەگری وەکو ڕەگەزی سەرەکیی خەزنکردن و نمایشکردنی وێنە جووڵاوەکان هەژماردەکرێت.

بەرهەمهێنانی فیلمەکان لە ڕێگەی گرتنی وێنەی خەڵک لە ڕێگەی کامێرا و هەروەها بەرهەمهێنانی لە ڕێگەی تەکنیکەکانی ئەنیمەیشنو کاریگەرییە تایبەتییەکان مسۆگەردەبێت (حوسێن:٢٠١١، ٢٨).

فیلم: بریتییە لە پێکهاتەیەکی پڕ لە زانیاریی ئەو سەردەمە، کە بۆتە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگە (ئێرڤینگ: ٢٠٠٩، ١٧٨).

## سینەمای ڕاستی

ئەو جۆرە سینەمایە لە دوای شەپۆلی نوێ هاتەکایەوە، یەکەم دەرهێنەری ئەم شەپۆلە (ژان ڕوش) بوو، یەکێکە لە تۆمارەکان (ئەوانەی ڕووداو و کارە مێژوویی و کارەساتە گرنگەکان بە فیلم تۆماردەکەن) (عبدالقادر:٢٠٠٥، ٦٧).

## پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

بە وردی مێژووی بەرایی چیرۆکی پێشکەوتنی سینەما بەندە بە سێ گرفتی زانستیی تەکنیکی کە پێویستبوو چارەسەربکرێن بەرلەوەی هیچ کەس دروستکردنی ئامێری نمایشی سینەمایی بە خەیاڵدا بێت. لە سەرەتادا پەیداکردنی توانا بوو لە نمایشکردنی پرانسیپەکانی وێنە سێبەرییەکان دووەمیشیان دەستکەوتنی جووڵەی بەردەوام بۆ نمایشی خێرایی و وێنە.

هێڵکارییەکان سێیەمیشیان خودی وێنەگرتنەکەبوو، ئێمە پێویستمان بە ڕوانینە لەم سێ گرفتە لەگەڵ هەندێک هۆکاری تەکنیکی کە دواتر بوونە هۆی چارەسەرکردنی (ملڤین:٢٠١٢، ٩٧).

## مێژووی فیلمی دۆکیۆمێنتاری

دەرهێنەری بەریتانی کەنەدی (جۆن جریرسۆن) یەکەم کەس بوو وشەی دۆکیۆمێنتی بەکارهێناوە لە ساڵی ١٩٢٦ز، لەو کاتەی کۆمێنتی دا لەسەر فیلمێکی ئێرلەندی کە خاوەنەکەی ڕۆبرت فلاهرتی ((موانا)) بوو

دەربارەی دانیشتوانی دوورگەی باشور، ئەم وشەیەی بەکارهێنا لە زمانی فرەنسی کە بە مانای (وێنەگری گەشتێکی تایبەت) دێت. (ایاد:٢٠١٣، ١٩)

**پێناسەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

جریرسۆن فیلمی دیکۆمێنتی وا پێناسە دەکات کە (چارەسەرێکی مۆرالانەیە بۆ ڕاستی)، هەروەها بەپێی پێناسەی یەکێتیی نێودەوڵەتیی سینەما کە لە ساڵی ١٩٤٨ ئەم پێناسەیەی کردووە (هەر هۆکارێکی تۆمارکردنی فیلم بۆ دەرخستنی هەر دیاردەیەکی ڕاستەقینە کە نمایش دەکریت بە هۆکاری وێنەگرتنی ڕاستەوخۆ یان دووبارە نمایشکرنی بە ڕاستگۆیانە، ئەوەش بۆ هاندانی بینەر بۆ ئەنجامدانی کارێکی تایبەت، فراوانکردنی ئاسۆی زانیاریی بینەر و ئاشناکردنی بە چەمکی مرۆڤ دۆستی، دانانی چارەسەرێکی ڕاستی بۆ کێشە جیاوازەکان وەک (ئابووری ڕۆشنبیری و پهیوەندییە مرۆییەکان) (ایاد:٢٠١٣،٢٠).

**چەمکی دۆکیۆمێنتاری:**

وشەیەکی لاتینییە و لە وشەی دۆکیۆمێنتەوە هاتووە کە بە مانای فێرکردن دێت، بەڵام بە درێژایی تێپەڕبوونی کات مانای وشەکە گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، لەسەر ئەو بنەمایەش فیلمی دۆکیۆمێنتاری چەندین پێناسەی جیای بۆ کراوە بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە.

بۆیە جریرسۆن دەڵێ فیلمی دۆکیۆمێنتاری بریتییە لە چارەسەرکردنی ڕووداوی ڕاستەقینە و تێڕوانین لە چوارچێوەی فیلمێکدا. بەڵام دەرهێنەر ویلارد فاند دەڵێت: فیلمی دۆکیۆمێنتاری بریتییە لە نامەیەکی هونەری کە ململانێیەکی توند لە نێوان هەر دوو بنەمای کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکات (اسماعیل:٢٠٠٩،١٢٢).

دابەشکردنی ناوەڕۆکی جۆری فیلمی تۆماری بەپێی زانا: جریرسۆن

زانا جریرسون بەرهەمەکانی سینەمای بە گشتی بۆ دوو ئاست دابهشکرد:

١- فیلمی دۆکیۆمێنتاریی ئاستبەرز: ئەو جۆرە فیلمەیە چارەسەرێکی ڕاستەقینە و گونجاو بۆ واقع دەکات، ئەم جۆرە فیلمە زیاتر لە چارەسەرکردنی بابەتەکە قووڵدەبێتەوە و شیکردنەوەیەکی دراماتیکی بۆ ڕووداوەکان دەکات.

٢- فیلمی دۆکیۆمێنتاریی ئاستنزم: سەرجەم بەرهەمە سینەماییەکانی دیکە دەگرێتەوە لەوانە ڕۆژنامەی سینەمایی و گۆڤاری سینەمایی و فیلمەکانی زانستی و فێرکردن.

زانا جریرسون فیلمی دۆکیۆمێنتاری بۆ چەند ئاستێک دابەشکرد، لە خوارەوە باسی سەرجەم ئاستەکان دەکەین، لە ئاستی نزمەوە بۆ ئاستی بەرز (ایمن:٢٠١٢، ٢٦).

یەکەم: قۆناغی وەسفی سادەی سروشت، ئەم دوو جۆرەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١ - گرتەی دۆکیۆمێنتاریی خام: بریتییە لە گرتە خامەکان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی نییە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە، واتە هەر وێنەیەک لەلایەن وێنەگرەوە دەگیرێت لە ئەرشیف هەڵدەگیرێت بۆ کارێکی پێویست لە داهاتوودا.

٢- فیلمی دۆکیۆمێنتاریی هەواڵی یان ڕۆژنامەوانیی سینەمایی: ئەو فیلمەیە کە لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان تۆماردەکرێت بەبێ بەشداریکردنی هیچ کارەکتەرێک و چاککردنێک ئەم بەرهەمە بە

پڕۆگرامێکی مێژوویی گرنگ هەژماردەکرێت بۆ ئەو ڕووداوەی لەسەری بەرهەمدەهێندرێت، کە دەکرێت هەفتانە لەسەر شاشە نمایشبکرێت.

٣- گۆڤاری سینمایی: کورتە فیلمێکە لەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراوی ناو مێشکی خەڵکدا دەدوێت، کە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لە ژیانی ڕۆژانەیان و دەکرێت مانگانە نمایشبکرێت.

**دووەم: قۆناغی وەسفی پێشکەوتوو بۆ ماددەکانی سروشت:**

کۆمەڵێک فیلم دەگرێتەوە لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەک فیلمی زانیاری، فیلمی فێرکاری و وانەییەکان کە هۆکارێکی گرنگن بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و فێرکردن لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش دوو جۆر دەگرێتەوە:

١- فیلمی فێرکاری: بەرهەمێکی بینراو و بیستراوە، وەک هۆکارێکی فێرکردن بۆ قوتابییان نمایشدەکرێت بە مەبەستی فێرکردن بە شێوەیەکی سادە.

٢- فیلمی دۆکیۆمێنتیی زانستی: ئەم جۆرە فیلمانەیە کە پابەندە بە بابەتێکی زانستیی دیاریکراو، ئینجا ئەو بابەتە پزیشکی یان تەندروستی یان ژینگەیی یان جیۆلۆجی بێت، ئەم بەرهەمە بە گشتی قووڵبوونەوەیەکی تەواو لەو بابەتە دەکات کە خراوەتەبەرباس، هەروەها سەرجەم هۆکارە هونەرییەکان بەکاردەهێنرێت لە خزمەتی فیلمەکەدا.

٣- فیلمی ڕاهێنان: ئەم فیلمانەیە کە باسی توانا و ئاواتی تاکی ناو کۆمەڵگا دەکات بە مەبەستی زیادکردنی زانیاری و نیشاندانی کارەکان و سوود و زیانەکان، لەوانە بواری کشتوکاڵ و سەربازی و بازرگانی....

٤- فیلمی ئاموژگاری: ئەم جۆرە فیلمە تایبەتە بە ئامۆژگاری و پێشکەشکردنی زانیاریی دروست بە بینەر لە بابەتێکی دیاریکراودا بەوە جیادەکرێتەوە لە فیلمی زانستی کە بە قووڵی ناچێتە ناو بابەتێکی دیاریکراو، بەڵکو زیان و سوودی بابەتێک دەخاتەڕوو وەک فیلمەکانی ڕاهێنانی کشتوکاڵی (ایمن:٢٠١٢، ٢٦-٢٩).

**سێیەم: قۆناغی وەسفی قووڵ و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دراماتیکی بۆ ماددەکانی سروشت:**

ئەم قۆناغە لە سەرەتادا بە ڕێکخستن و پاشان بە دروستکردنی بەهەمێکی هونەریی سروشتدا دەستپێدەکات، کە زیاتر ڕاستەقینەیە نەک خەیاڵ، ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوەی ڕووداوەکان بە ڕاستەوخۆ یان دووبارە دروستکردنەوەی ڕووداوەکان، بە شێوەیەکی نزیک لە واقعی ڕووداوەکە، ئەم جۆرە فیلمانە لێکۆڵینەوەیەکی دراماتیکیی ڕاستەقینە بە بینەر دەدەن، بۆیە هەمیشە لای بینەر وەک بەرهەمێکی گرنگ سەیردەکرێن.

بەو پێیەی لەسەرەوە باسی فیلمی دۆکیۆمێنتاریی زانستیمان کرد و گوتمان فیلمی دۆکیۆمێنتەریی زانس‌تی زیاتر لە بابەتە زانستییە تایبەتمەندەکانی وەک ژینگە و پزیشکی و جیۆلۆجی و ئەمانە ورددەبێتەوە.

فیلمی زانستی بۆ بینەری تایبەتمەند: ئەو جۆرە فیلمە باسی بابەتێکی زانستیی دیاریکراو دەکات بە ڕێگایەکی هونەریی پێشکەوتوو بە شێوەیەک کە لە چیرۆکێکی هونەریی جوان و سیناریۆیەکی بە سەرەتا و کۆتا دادەڕێژرێت. ئەمەش شێوەیەکی وا بە بەرهەمەکە دەدات کە بینەری تایبەتمەند بە کارەکە گرنگییەکی تایبەتی پێبدات.

فیلمی ڕۆشنبیرکردن بۆ بینەر بە گشتی: ئەم جۆرە فیلمە باسی بابەتێکی زانستی دەکات بە ڕێگایەکی زانستیی سانا و ڕێکخستنی بابەتەکە بە شێوەیەک هەموو خەڵک تێیبگات و بە ئاراستەیەکی وا کە هەم کێشەکە بخرێتەڕوو و هەم چارەسەریشی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی هۆکارەکان و لقەکان و سەرجەم بابەتەکانی پەیوەست بە بابەتەکەی تێدا باسبکرێت. ئەمەش بە گشتی یارمەتیی تاکی ناو کۆمەڵگا دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە ڕێگەی زانستی و دوور لە چارەسەرکردنی کێشە لە ڕێگەی ئەفسانە و شتە پڕوپووچەکانەوە (ایمن:٢٠١٢، ٢٦-٢٩).

## سیناریۆ

پێناسەی جووڵەی سینەمایە لەسەر لاپەڕەیەک ئەو لاپەڕەیە دۆکیۆمێنتێکی نووسراوە کە سەرجەم ڕووداوەکانی گرتە بە گرتە تێدا نووسراوە، بۆیە دەکرێتە دوو بەش:

### بەشی یەکەم: جووڵە و گرتە (سسلیم،٢٠١٠، ٢٤٤-٢٤٧).

بە گشتی چارەسەرکردنی بابەتی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان بە دوو شێواز دەبن:

١- شێوازی دۆکیۆمێنتاریی فیلمی دۆکیۆمێنتاری خۆی بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشە واقیعییەکانی ژیانی تاک لە ڕێگای دەرهێنان، ئەو کێشانە لە ڕای گشتی و دەزگاکانی بیستراو و خوێنراو بەوە جیادەکرێتەوە کە هەڵگری مەغزایەکی سیاسی و ئابوورییە و پەیامێکی تایبەتی ئاراستەکراو بێ.

٢- شێوازی واقیعی: ئەم شێوازە زیاتر لە فیلمە گەشتەکان و فیلمە زانستییەکان دەبینرێ و هەڵگری ئامانجێکی تایبەتە و زۆرجار

ئامانجەکەی لە کۆتاییدا تەواو دەبێت و هەروەک شێوازی هەواڵە درێژەکان لە کاری ڕاگەیاندندا (نهلە:٢٠١٦، ٤٢٢).

**ڕەگەزەکانی دەنگ لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

شریتی دەنگ لە فیلمی دۆکۆمێنتاری لە چوار ڕەگەزی بنەڕەتی پێکدێت:

١- کارتێکەرە دەنگییەکان ٢- مۆسیقا ٣- کۆمێنت (تەعلیق) ٤- سامت (بێدەنگ).

هەریەکە لەمانەی سەرەوە دەکرێ بە تەنها بەکاربهێنرێن، لەگەڵ وێنەدا دابنرێت و بە هەردووکیانەوە وێنەیەکی واقیعی لای بینەر دروستدەکەن، لێرەشدا گرنگترین گونجاندنی دەنگ لەگەڵ ڕووداوەکان و وێنەکان بە شێوەیەک کە پێویستە دەنگ و دیمەن لە هەمان کاتدا بن و کەسیان ئەوەی دیکە جێنەهێڵێت، هەروەها وا زانراوە کە باشترە کارتێکەرە دەنگییەکان لە ماوەی بەرهەمهێناندا تۆماربکرێن و دیاربکرێن بەپێی دیمەنەکان، بەڵام مۆسیقا و گۆرانی دەکرێ لە ماوەی مۆنتاج یان بەر لە وێنەگرتن بەرهەمبهێنرێن (منى سعيد:٢٠٠٢، ٥٣-٧٩)

**لە ڕووی ئاراستەوە ململانێ دەکرێتە دوو جۆری سەرەکی:**

١- ئاراستەی دەرەکی: ئەو جۆرە ململانێیەیە کە لەنێوان مرۆڤ و هێزێکی دەرەکی ڕوودەدات، وەک ململانێی مرۆڤ لەگەڵ قەدەر یان لەگەڵ هێزی سروشت هەروەک فیلمی دوورگەکانی ئاران (جزر اران) لە دەرهێنانی (روبرت فلاهرتي) کە باسی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ دەریا دەکات.

٢ - ئاراستەی ناوەکی: ئەم جورە ململانێیەیە کە مرۆڤ لە نێوان خۆی و دەوروبەریدا ڕوودەدات کە بێگومان هەڵگری زۆرێک لە عاتیفە و هێز و خۆشەویستی دەبێت.

بەم شێوەیە دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، لێکۆڵەران هەڵسان بە داڕشتنی چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ئەم دەستەواژەیە هەروەک چۆن سبوتزوود لە کتێبی فیلم و بنەما هونەرییەکان (الفیلم واصوله الفنیه) پێناسەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری کردووە و جۆرەکانیشی بەم شێوەی خوارەوە داڕشتووە (علاء:٢٠١٢، ٥٥-٩٠).

١- فیلمی دۆکیۆمێنتاری لاساییکردنەوە (التقلیدي): ئەم فیلمەیە کە هەموو تێبینیەکان لەماوەی باسکردنی بابەتیکدا دەخاتەڕوو.

٢- فیلمی میوزیکی دۆکیۆمێنتاری: بەرهەمهێنەری لەم جۆرە فیلمە بە گشتی گۆرانی دەخاتە سەر گفتوگۆ لەناو بەرهەمەکەدا، ئینجا ئەگەر ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بێت یان بۆ شێوازی فیلمەکە بێت.

٣- فیلمی وتاری: ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە فیلم کە بەرهەمی بیرۆکەی ڕووداوێکی تایبەتە لە خەیاڵی دەرهێنەر.

٤- فیلمی (الجەدلي): ئەم جۆرە فیلمە بە گشتی نیشاندانی کۆمەڵێک ڕووداوی ڕاستەقینەی ناو کۆمەڵگایە لەسەر شاشە، بێگومان لێرەدا شاشە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرنجڕاکێشانی بەشێکی زۆری تاک لە کۆمەڵگادا.

٥- فیلمی وێنەیی جووڵاو: بەرهەمهێنانی چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە لە دروستکردنی ژینگەیەکی تایبەت.

٦ – فیلمی (الطلیعة) ئەمانە جۆرێکی نوێن لە جیهانی فیلم.

## جۆرەکانی بیرۆکە

١- مێژوویی – سیاسی -٣ کۆمەڵایەتی -٤ – ئابووری -٥- زانستی -٦ تەندروستی -٧- ڕۆشنبیری -٨- هونەری ٩- ئاینی ١٠- وەرزشی ١١- پۆلیسی -١٢- باڵیۆز -١٣- سەرکێشی ١٤- ژینگە ١٥- ژیانی سەر زەوی ١٦- ژیان لە دەریا ١٧- کەسایەتی (ایاد:٢٠١٣، ٢١-٩٣).

## بەشی سێیەم: لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە

## پێشەکی

توێژەر لە ڕێگەی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە شیکردنەوەی بۆ هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ڕووداو ئەنجامداوە، کە دوو لەم فیلمانە ٤٨ خولەکین شەشەکەی دیکە ٢٤ خولەکین کە هەفتەی فیلمێک لە ڕۆژی سێشەممان کاتژمێر ٩:٠٥ خولەکی شەو پەخشکراوە ساڵی ٢٠١٤ هەشت فیلمەکە سەرجەمیان دەرهێنەرەکانیان کوردن و بەرهەمی ئەو دەزگایەن.

خشتەی ژمارە ٢

| ژ<br>مارە | جۆری زمان | دووبارەبو<br>وونەوە | ڕێژەی<br>سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی کوردی | ٤ | %٥٠ | یەکەم |
| ٢ | زمانی تێکەڵ | ٣ | %٣٧.٥ | دووەم |
| ٣ | دۆبلاژکراو | ١ | %١٢.٥ | سێیەم |
| ٤ | ژێرنووسکراو | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ٨ | %١٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت، کە جۆری زمانی بەکارهێنراو لە هەشت فیلم، دۆکیۆمێنتاری، چوار فیلمیان بە زمانی کوردین کە ڕێژەکەی ٥٠٪ دەکات و لە ئاستی یەکەمدان سێ فیلمیان تێکەڵبووە لە نێوانی زمانی کوردی دۆبلاژکراو کە ڕێژەکەی ٣٧.٥٪ دەکات و لە ئاستی دووهەمە فیلمێکیان دۆبلاژکراوە کە ڕێژەکەی ١٢.٥٪ دەکات و لە ئاستی سێیەمە، هەشت فیلمەکە هیچیان ژێرنووسکراو نین، ئەوەی توێژەر تێبینیکرد لەم هەشت فیلمەدا، ئەوەیە زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی دراوە و بە هەردوو زارەوەی کرمانجی و سۆرانی، هەموو فیلمەکانیش بە هەر دوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی هەن.

خشته ی ژماره (٣)

یەکەی ناوەڕۆکی فیلمەکان

| ژ | جۆری ناوەڕۆک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کرداری | ١٠٨ | %٣٥.٤ | یەکەم |
| ٢ | تێکەڵ (گفتوگۆی کرداری) | ٧٣ | %٣٠.٧ | دووەم |
| ٣ | گفتوگۆیی | ١٢٣ | %٢٠.٧ | سێیەم |
| ٤ | خوێندنەوەی تێکست | ٤٧ | %١٣.٣ | چوارەم |
| | کۆی گشتی | ٣٥١ | %١٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٣) دا یەکەی شیکردنەوە بریتییە لە ناوەڕۆکی دیمەنەکان لەم هەشت فیلمە دۆکیۆمێنتارییەدا، ئەوە دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٢٠.٧٪ دیمەنەکانی ناوەڕۆک گفتوگۆیە لە ئاستی سێیەمە و ڕێژەی ٣٠.٧٪ ی ناوەڕۆکەکانیان تێکەڵە (گفتوگۆیی و کردارییە) لە ئاستی دووەمە و ڕێژەی ٣٥.٤٪ ناوەڕۆکەکەیان کردارییە لە ئاستی یەکەمە و ڕێژەی ١٣.٣٪ ناوەڕۆکەکانیان خوێندنەوەی تێکستن لە ئاستی چوارەمە، ئەوەی بۆ توێژەر دەرکەوتووە لەم خشتەیە ئەوەیە، زۆرترین ڕێژە پشتبەستراوە بە گفتوگۆ و شایەتحاڵەکان و دیمەنە کردارییەکان و گرتە زیندووەکان.

خشتەی ژمارە (٤)

یەکەی سەرچاوەی زانیارییەکان

| ژ | جۆری سەرچاوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چاوپێکەوتن | ١٦٩ | %٥٧.٢ | یەکەم |
| ٢ | سەرچاوەی ناوخۆ | ١٣ | %٤٠.٤ | دووەم |
| ٣ | ئەرشیف | ٧٩ | %٢٦.٤ | سێیەم |
| ٤ | سەرچاوەی دەرەکی | ٣٤ | %١١.٥ | چوارەم |
| ٥ | سەرچاوەی دیکە | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ٢٩٥ | %١٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٤) دا بریتییە لە یەکەی شیکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییەکان هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری ئەوەی دەرکەوتووە کە ڕێژەی ٥٧.٢٪ ی سەرچاوەی زانیارییەکان چاوپێکەوتن بوون، لە ئاستی یەکەمە. ڕێژەی ٢٦.٤٪ سەرچاوەی زانیارییەکان ئەرشیف بەکارهاتووە، لە ئاستی سێیەمە و ڕێژەی ٤٠.٤٪ سەرچاوەی زانیارییەکان سەرچاوەی ناوخۆن لە ئاستی دووەمە و ڕێژە ی ١١.٥٪ سەرچاوەی زانیارییەکان سەرچاوەی دەرەکین لە ئاستی چوارەمە، هیچ یەکێک لەم هەشت فیلمە سەرچاوەی دیکەی بەکارنەهێناون، لەم خشتەیە ئەوەی توێژەر بۆی دەرکەوتووە ئەوە ڕێژەی هەرە زیاتر گرنگی بە چاوپێکەوتن دراوە، واتە زۆربەیان پسپۆڕ و شایەتحاڵەکانبوون.

خشته ی ژماره (٥)

یەکەی بەرهەم

| ژماره | جۆری بەرهەم | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پله |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | بەرهەمی دەزگا | ٨ | %١٠٠ | یەکەم |
| ٢ | بەرهەمی تێکەڵ | - | - | - |
| ٣ | بەرهەمی دەرەکی | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ٨ | %١٠٠ | ١٠٠ |

له خشتەی ژماره (٥)دا یەکەی شیکردنەوه بریتییه له بەرهەمەکان، که پێکهاتبوو له هەشت فیلمی دۆکیۆمێنتاری، ڕێژەی ١٠٠٪ بەرهەمەکانی دەزگان له ئاستی یەکەمە، هیچ بەرهەمێکی تێکەڵ و بەرهەمێکی دەرەکی نەبوون، ئەوەی توێژەر تێبینیکردووه، ئەم کەناڵه جیاواز له کەناڵەکانی دیکه ئەوەیه که سەرجەم بەرهەمەکانی هی خۆیەتی و بوجەیەکی تایبەتی بۆ دابینکردووه.

خشتەی ژمارە (٦)

یەکەی بابەت

| ژمارە | جۆری بابەت | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەلایەتی | ٤ | %٥٠ | یەکەم |
| ٢ | زانستی | ٢ | %٢٥ | دووەم |
| ٣ | مێژوویی | ١ | %١٢.٥ | سێیەم |
| ٤ | سیاسی | ١ | %١٢.٥ | سێیەم |
| ٥ | هونەری | - | - | - |
| ٦ | رۆشنبیری | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ٨ | %١٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٦)دا، یەکەی شیکردنەوە بریتییە لە جۆری بابەت، ڕێژەی ١٢.٥٪ سیاسییە لە ئاستی سێیەمە و ڕێژەی ٥٠٪ بابەتی کۆمەڵایەتین لە ئاستی یەکەمە و ڕێژەی ١٢.٥٪ بابەتی مێژوویین لە ئاستی سێیەمە و ڕێژەی ٢٥٪ بابەتی زانستی لە ئاستی دووەمە، هیچ یەکێک لەم هەشت فیلمە بابەتی ڕۆشنبیری و هونەری و ئابووری لەخۆنەگرتبوو. ئەوەی توێژەر بۆی دەرکەوتووە لەم هەشت فیلمەوە ئەوەیە، ڕێژەی هەرە زۆر گرنگی بە بواری کۆمەڵایەتی دراوە.

خشته ی ژماره (٧)

یەکەی میوزیک

| ژمارە | جۆری میوزیک | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | میوزیکی تێکەڵ | ٥ | %٦٢.٥ | یەکەم |
| ٢ | میوزیکی بیانی | ١ | %٢٥ | دووەم |
| ٣ | میوزیکی کوردی | ٢ | %١٢ | سێیەم |
| | کۆی گشتی | ٨ | %١٠٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٢)دا یەکەی شیکردنەوە بریتییە لە یەکەی میوزیکی کوردی، ڕێژەی ١٢.٥٪ کەواتە لە ئاستی سێیەمە. ڕێژەی ٢٥٪ یەکەی میوزیکی بیانییە لە ئاستی دووەمە. ڕێژەی ٦٢,٥٪ میوزیکی تێکەڵە لە ئاستی یەکەمە. ئەوەی توێژەر لەم خشتەیە بۆی دەرکەوت ئەوەیە زیاتر میوزیکی کوردی و بیانی بەکارهاتووە بەپێی زانیارییەکانی توێژەر بەهۆی هەژاریی میوزیکی کوردی، گەورەترین کێشە بۆ کەناڵە کوردییەکان میوزیکی کوردییە.

**دەرئەنجام**

١- جۆری زمانی بەکارهاتوو لە فیلمەکان پێکهاتووە لە زمانی کوردی بە زاراوەی کرمانجی و سۆرانی.

٢- لە ناوەڕۆکی فیلمەکاندا زۆرتر گرنگیدراوە بە لایەنی کرداری بە ڕێژەی ٣٥.٤٪ بۆ ئەمەش پشتبەستراوە بە لایەنی جووڵەی کامێرا، واتە وێنەکان زۆرتر زیندوون کردارەکان و ڕاستییەکان قۆناغ بە قۆناغ خراونەتەڕوو.

٣- لە سەرچاوەی زانیارییەکان زۆرترینیان پشتبەستراوە بە چاوپێکەوتن ٥٧٪ ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە زۆرترین کەس لە فیلمەکان قسەی کردووە، هەروەها گرنگیدراوە بە پسپۆڕان و شایەتحاڵەکان، چاوپێکەتنیش بەشێکی گرنگی فیلمی دۆکیۆمێنتارییە.

٤- ئەوەی جیاوازتر لە کەناڵەکانی دیکە دەبینرێت ئەوەیە بەرهەمەکانی هەمووی بەرهەمی دەزگان ١٠٠٪، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت ئەم کەناڵە گرنگییەکی یەکجارزۆری بە بەرنامەی دۆکۆمێنتاری داوە.

٥- فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان زۆرتر گرنگییانداوە بەو بابەتانەی کە ناوەڕۆکیان کۆمەڵایەتین ٥٠٪ ی ئەو بابەتانەی گرتۆتەوە.

٦- لە یەکەی میوزیک بۆمان دەرکەوتووە ٦٢.٥٪ ، واتە زۆرترینیان میوزیکی تێکەڵە، ئەمانیش میوزیکەکانی کوردی و بیانین.

ڕاسپاردە

١- بەهۆی گرنگی و پێویستیی فیلمی دۆکیۆمینتاری پێویست بە هەبوونی کەناڵێکی ئاسمانیی تایبەتمەندی کوردی لەم بارەوە هەبێت

پێویستییەکی گرنگە ئێستا لە کوردستان ڕاسپاردەی توێژەر ئەوەیە کە هەنگاو بنرێت بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی لەم چەشنە کە پشت بە بەرهەمی خۆماڵی و دەرەکی ببەستێت.

٢- پێویستە کەناڵە کوردییەکان گرنگیی زۆر بە بەرنامەی دۆکیۆمێنتاری بدەن و بوجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانبکەن بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری لەسەر بکەن فیلمی دۆکیۆمێنتاری جیابکرێتەوە لە ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆنی، وەک هەر کەناڵێکی بیانی.

٣- زانکۆ و پەیمانگەی ڕاگەیاندن و سینەما لە کوردستان لە ڕووی (تیۆری و پراکتیکییەوە) گرنگیی زیاتر بدەن بە فیلمی دۆکیۆمێنتاری، وەک ژانرێکی گرنگی تەلەفزیۆن هەژماربکرێت.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان

- د. ئیسماعیل ئەلئەمین، و: مەم بورهان قانع، نوسین بۆ وێنە، چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- ئێرڤینگ نانگ، و: گۆران سەباح، مێژووی هۆیەڵی گەیاندن، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
- د.حبیب کەرکوکی، وانەی توێژینەوەی زانستی، قۆناغی سێ، بەشی ڕاگەیاندن کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سلاحەدین، ٢٠١٣.
- تۆماس ئێل ماکفیل، و :هەندرێن شێرزاد، میدیای نێودەوڵەتی، شڤان، ٢٠٠٩.
- حوسین عەبدوللاغەریب زادە، مێژووی سینەمای جیهان، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
- ملڤین ل. دیفلیر، ساندرا بول، و: د. سەنگەر حاجی، تیۆرەکانی ڕاگەیاندن، خانی، دهوک ، ٢٠١٢.
- عبد القادر عەلی مەردان و ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، سینەما و هونەری سینەما، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

- سایتی ئەلیکترۆنی ڕووداو.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


- اياد الداود، كيف تصنع فيلم وثائقا، الكويت، دار حنين، ٢٠١٣.
- ايمن عبد الحليم نصار، الافلام الوثائقية العلمية العربية، الدنمارك، ٢٠١٢.
- ايمن عبد الحليم نصار، اعداد البرامج الوثائقية، عمان – الاردن، دار المناهج للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧.
- د. سليم عبد النبي، الإعلام التلفزيوني، عمان الاردن، دار اسامه ٢٠١٠.
- د. عبد الباسط سلمان، الاخراج والسيناريو، القاهرة، دار الثقافية للنشر ، ٢٠٠٦.
- علاء مشذوب عبود، في السينما والتلفزيون، اربيل، دار اراس، ٢٠١٢.
- عبدالصمد قادر حسين، البحث الرسائل الأفلام الوثائقية في قناة كوردسات الفضائية، السليمانية، ٢٠١٠.
- د . منى سعيد الحديدي و د . سلوى إمام علي أسس الفيلم التسجيلي : إتجاهاته وإستخداماته في السينما والتلفزيون،٢٠٠٢.
- د. نهلة عبد الرزاق، دراسة تحليل مضمون الافلام التسجيلية الوثائقية، قناة الجزيرة الوثائقية الفضائية، ٢٠١٦.
- مروان عبدالميد ابراهيم، اسس بحث العلمي لاعداد ڕسائل الجامعة مؤسسة الوراق.

- زينب الصادق ، الخطوات العملية لإعداد ميناريو الفيلم التسجيلي، ٢٠١٣.

http://www.siironline.org/alabwab/alhoda-culture/090.html

- http://doc.aljazeera.net

**Documentary Film Properties on the channel Rudaw**

**(It's an analysis study)**


## Abstract

The aim of this research is to determine the characteristics of documentaries on Rudaw TV. This research is a descriptive research and used content analysis method.

The main research tool is the content analysis form The research found that Kurdish language is used more in Rudaw documentaries and reflects the practical aspects. One of the most important recommendations of this research is that due to the importance and necessity of documentary films, there should be a special Kurdish television channel in this regard.